## وانەی بیست ویەك

# قوتابێتی - 2

## نوێژ

ڕابەری گروپ: نوێژ بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادەکردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

## ستایش و پەرستن

## خودا مەزن و داهێنەرە

**بیرۆکەی سەرەکی:** خودا مەزن و داهێنەرە

**بخوێنە:** (زەبووری139: 13-18) بخوێنەوە. خودا جەستەمانی بەدیهێنا و ناوازەی کردووە! خودا داهێنەری گەشەکردنە! دیاردەی گەشەکردن خۆی لە خۆیدا کارێکی دەرئاسایە. جەستەی مرۆڤ گەشە دەکات و بەبەردەوام خۆی خانەکانی نوێ دەکاتەوە.

**1** خانەکانی جەستەی مرۆیی

جەستەی مرۆڤ پێکهاتووە لە ژمارەیەکی نەژمێردراو لە خانەکان. بەڵام زانایان مەزەندە دەکەن کە هەر کیلۆگرامێکی جەستەی مرۆڤ (200000000000) خانەی تێدایە! هەر خانەیەکیش 10 کارگەی ووزەی زۆر بچووکی تێدایە کە وزەی پێویست بەرهەم دێنێت بۆ ئەوەی جەستە توانای ئەنجامدانی ئەرکەکانی هەبێت. هەر کارگەیەکی وزەیش وزە بەرهەم دێنێت بۆ کارکردن و ڕاکردن و بیرکردنەوە و قسەکردن و هەموو ئەرکەکانی دیکەی جەستە. بەڵام قەبارەی هەر کارگەیەك لەم کارگانەی ووزە قەبارەی هەر یەکیان لە 1 مایکرومەتر تێپەڕ نابێت (هەر ملیمەترێك 1000 میکرۆمەتری تێدایە)! بەم شێوەیە، سەرباری ئەوەی کە ئەم سەرچاوەیەی ووزە زۆر بچووکە، بەڵام خانەکان پێکەوە ووزەیەکی بەهێز بەرهەم دێنن کە توانایەکی زۆر بە مرۆڤ دەدەن سەرجەم ئەرکەکانی جێبەجێ بکات!

**2** تورەکە هەوایيەکان سی مرۆڤ

سی مرۆڤ ژمارەیەکی یەکجار زۆری لولەی بچووك لەخۆ دەگرێت کە بە تورەکە هەوایيەکان تەواو دەبێت. زانایان مەزەندە دەکەن کە هەردوو سییەکانی مرۆڤ زیاتر لە (600000000) تورەکەی هەوایی تێدایە! ئەوەی جێی سەرسوڕمان بێت دیوارەکانی ئەم تورەکە هەواییانە پڕ لە بۆرییە خوێنینە بچووکەکانە کە ئۆکسجین لە تورەکە هەواییەکان دەمژن و بۆ شوێنەکانی دیکەی جەستە دەیگوازنەوە. هەروەها دیوارەکانی ئەم تورەکانە بەیەکەوە چەسپێنراون بەو ئەندازەیەی کە ئەگەر لەیەکتروە دووریان بخەیتەوە گۆڕەپانێکی تۆپی پێ پڕ دەکەیت. بەم شێوەیە، ئەندێشە بکە چۆن دەتوانێت شتێك بە قەبارەی گۆڕەپانی تۆپی پێ بچەمێنیتەوە لە گۆڕەپانێکی بچووك وەکو سییەکانت!

دەتوانین پەنا بەرینە میکرۆسکۆبی ئەلکترۆنی بۆ شرۆڤە کردنی خانەکانی جەستەمان و ئەم تورەکە هەواییانە کە سییەکانمان پێکدەهێنێت. بەڵام کێ ئەم خانانە و ئەم تورەکە هەواییانەی دروست کردووە؟ خانەکان و تورەکە هەواییەکان بچووکترین شتەکانی ژیانن! کتێبی پیرۆزیش دەڵێت کە خودا داهێنانی کردووە لە دروستکردنی هەر گیانلەبەرێکی زیندوو کە لە خانە و تورەکەی هەوایی پێکدێت. بەڵام ئەگەر توانامان نەبوو بگەین لە هەموو سەرسوڕهێنەرەکانی جەستەمان، ئەی باشە، چۆن بتوانین بگەین لە دروستکەری جەستەی مرۆڤ؟ بەم شێوەیە، بوونی جەستەی مرۆیی ناوازە(کامل) نیشانەی بوونی خودایێکی مەزنە!

### ستایش و پەرستن

خودا بپەرستن بەو پێییەی کە دروستکەری بچووکترین خانە و گیانلەبەرە زیندووەکانە! خودا بپەرستن لەسەر داهێنانی لە دروستکردنتان.

بە شێوەی گرووپی بچووك بیپەرستن، هەر یەکەی لە سێ کەس پێکدێت.

نامە بۆ ڕۆما

**بەشداریکردن** بە نۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەراوی خەڵوەتی ڕوحی قوتابیان) ئەوەی فێری بوونە لە یەکێ لە خەڵوەتەکان و ڕامانتان لەو برگە کتێبیانەی بۆتان دەستنیشان کراوە (ڕۆما 1-4) لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی بەشدارییەکان کورت بێت. گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات، بە ڕاستی مامەڵە لەگەڵ قسەکانی بکەن، قبوولی بکەن، کێبڕکێی ئەو شتانە مەکەن کە بەشداری دەکات.

## فێرکردن

## ڕوحی پیرۆز: خودی ڕوحی پیرۆز و کارەکانی

چەند زانیارییێك دەربارەی ڕوحی پیرۆز:

ئـ) پەرتووکی مەشق کردنی قوتابێتی-2. وانەی 9: سروشتی ڕوحی پیرۆز و کارکردنی لە مرۆڤدا، هەروەها کارکردنی لە کڵێسادا.

ب) پەرتووکی مەشق کردنی قوتابێتی-2. پاشکۆی 2: ڕوحی پیرۆز یارمەتی باوەڕداران دەدات لە ئازارەکانیاندا.

پ) پەرتووکی مەشق کردنی قوتابێتی-4. وانەی 9: ئەرکی تایبەت کە ڕوحی پیرۆز ئەنجامی دەدات: لەئاو هەڵکێشانی ڕوحی پیرۆز، پڕبوون بە ڕوحی پیرۆز، بەرووبوومی ڕوحی پیرۆز.

ت) پەرتووکی کڵێسا-3. وانەی 11: بەهرەکانی روحی پیرۆز.

ج) پەرتووکی کڵێسا-3، پاشکۆی 2: بەهرەکانی دیکەی ڕوحی پیرۆز.

### ئـ ) سروشتی ڕوحی پیرۆز

1 ڕوحی پیرۆز کەسێکی (ئەقنووم) زیندووە.

ئـ) ڕوحی پیرۆز کەسێکی (ئەقنووم) زیندووە.

ڕوحی پیرۆز هێزێك یان کاریگەرییەك نییە، بەڵکو کەسێکی (ئەقنووم) زیندووە (یۆحەننا14: 16-17) چونکە ئاگاداری هەموو شتێکە، ویست و هەستی هەیە، قسەدەکات و کاردەکات (یۆحەننا14: 17)(کردار16: 6-7)( ڕۆما8: 27)(ئەفەسۆس4: 30).

ب) پەیوەندیمان لەگەڵ ڕوحی پیرۆزدا.

ڕاستی ئەوەی کە ڕوحی پیرۆز کەسێکی (ئەقنووم) زیندووە ڕاستییەکی گرنگە دەربارەی تاقیکردنەوەمان.

1. ئەگەر ڕوحی پیرۆز تەنها هێزێك و کاریگەرییەك بوایە، ئامانجی سەرەکیمان ئەوە دەبوو: (چۆن دەتوانم ئەم هێزە و ئەم کاریگەرە زیاتر دەستەبەر بکەم؟) (30٪، 40٪،... هتد).
2. بەڵام ئەگەر باوەڕمان هەبوو کە ڕوحی پیرۆز کەسێکی (ئەقنووم) زیندووە، ئەو کات هەڵوێستمان ئەمە دەبێت: (ڕوحی پیرۆز چۆن دەتوانێت زیاترم لێ ببات؟) هەروەها (ڕوحی پیرۆز چۆن دەتوانێ دەسەڵات بگرێتە سەر لایەنی تری ژیانم؟) هەروەها (چۆن دەتوانم بەشێوەیەکی باشتر پەیوەستبم بە ڕوحی پیرۆز، زیاتر ملکەچی ڕێنماییەکانی ببم).

2 ڕوحی پیرۆز خودایە

ئـ) خودا بەم شێوەیە خۆی ڕاگەیان باوك و کوڕ و ڕوحی پیرۆزە. (بڕوانە پاشکۆی 1).

1. هەرچەندە لە سروشتیی خودا ناگەین، واتا هیچ کەس ناتوانێت سنووری بۆ دانێت (ئەیوب11: 7-8) (1تیمۆساوس6: 15-16) بەڵام خودا بەچەند شێوازێك خۆی بۆ ڕاگەیاند تاوەکو خەڵکی بیناسن، بۆ نموونە لە ڕێگای کارەکانی (ئیشایا43: 13)، قسەکانی (مەتتا4: 4)، لە ئاگر (دەرچوون3: 3-4)، لە جەستەی مرۆیی (یۆحەننا1: 1، 14، 18) (فلیپی2: 5-8) (کۆلۆسی1: 15، 19) (کۆلۆسی2: 9) (عیبرانییەکان1: 1-3) لە ڕێگای نیشتەجێبوونی ڕوحی پیرۆز لەناو گەلەکەیدا (ڕۆما8: 9-10).

2. باوەڕداران بە ناوی باوك و كوڕ و ڕوحی پیرۆز لەئاو هەڵدەكێشرێن (مەتتا28: 19). ووشەی (بەناو) بەشێوازی تاك دێتەوە نەك بە شێوازی كۆ! بەم شێوەیە كتێبی پیرۆز ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە خودا یەكە (وتەكان6: 4). هەروەها ووشەكانی (باوك و كوڕ و ڕوحی پیرۆز) ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە جیاوازییەكی نێوخۆیی لە یەكێتی سروشتی خودایی هەیە. بۆیە، عیسای مەسیح پێی دەوترێت (كوڕی خودا) هەروەهایش (خودا). ڕوحی پیرۆز پێی دەوترێت (ڕوحی خودا) (ڕوحی مەسیح) و (مەسیح لەناوتانە) (ڕۆما8: 9-10)، هەروەها پێی دەوترێت (خودا) (كردار5: 3 ، 5).

ب) سیفەتەكانی ڕوحی پیرۆز.

ڕوحی پیرۆز هەمان سیفەتەكانی خودای هەیە، وەك: پیرۆزی (ڕۆما1: 4)، ژیان (ڕۆما8: 2)، خۆشەویستی (ڕۆما15: 30)، ڕاستی (یۆحەننا16: 13)، تاهەتایی (عیبرانییەكان9: 14). ئەوەی شایانی باسە ڕاستی و خۆشەویستی بەتەنها نابن، بەڵكو دوو سیفەتن كە هەرسێ ئەقنوومەكان بەشداریان لێ دەكرد، تەنانەت لە پێش پەیدابوونیش. لە پاش پەیدابوون ئەم دوو سیفەتە، لەگەڵ خەڵكیشدا بەشدار بوون.

پ) سیفەتەكانی ڕوحی پیرۆز ئەوانەی پەیوەندییان بە گەردوونەوە هەیە.

هەروەها ڕوحی پیرۆز هەمان سیفەتەكانی خودای هەیە لەوانەی پەیوەندییان بە گەردوونەوە هەیە.

1. تەواوی ئامادەبوون ( ئامادەبوون لە هەموو شوێنێك). خودا (زەبووری139: 7-10)، ڕوحی پیرۆز (یۆحەننا14: 16-17).
2. تەواوی توانا (توانا لەسەر هەموو شتێك). خودا (پەیدابوون1: 1-2)، ڕوحی پیرۆز (زەبووری104: 30).
3. تەواوی زانستی (زانستی سەبارەت هەموو شتێك). خودا (زەبووری139: 1-4)، ڕوحی پیرۆز (1كۆرینسۆس2: 10-11).

## 3 ناوەكانی ڕوحی پیرۆز

ئـ) لە پەیمانی كۆن.

پەیمانی كۆن بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ 90 جار ئاماژە بە ڕوحی پیرۆز دەدات و 18 ناوی جیاجیای پێدەڵێت. هەندێك لەم ناوانە پەیوەندی بە خوداوە ناوزەد دەكات وەك (ڕوحی خودا)، هەندێكیان سروشتییەكەی ناوزەد دەكات وەك (روحی پیرۆز)، هەندێكیشیان كارەكانی لەناو خەڵكدا ناوزەد دەكات وەك (ڕوحی دانایی) (ئیشایا11: 2).

ب) لە پەیمانی نوێ.

پەیمانی نوێ 254 جار ئاماژە بە ڕوحی پیرۆز دەدات و 39 ناوی جیاجیای پێدەڵێت. هەندێك لەم ناوانە پەیوەندی بە باوكەوە ناوزەد دەكات (مەتتا10: 20) و بە كوڕ (ڕۆما8: 9-10). هەندێكیشیان خوداییەكەی دووپات دەكاتەوە وەك (خوداوەند ڕوحە) (2كۆرنسۆس3: 17). هەروەها هەندێك لەم ناوانە سروشتی ناوزەد دەكات وەك (روحی پیرۆز) هەندێكیشیان پەیوەندیی بە باوەڕداران و كاری لە ناویاندا ناوزەد دەكات وەك (ڕوحی ڕاستی) (یۆحەننا14: 17) (ڕوحی نیعمەت) (عیبرانییەكان10: 29).

## 4 هیماكانی ڕوحی پیرۆز

**بدۆزەوە گفتووگۆبكە:** بۆ نموونە ئاگر و با و ئاو نیشانەی ڕوحی پیرۆزن.

بەڵام ئەم نیشانانە ئاماژە بە چی دەدەن؟

**ئـا بخوێنە:** (مەتتا3: 11) (كردار2: 1-4).

**تێبینییەكان:** لە (مەتتا3: 11-12) دەخوێنینەوە كە عیسای مەسیح ﴿لە ڕوحی پیرۆز و لە ئاگرتان هەڵدەكێشێت﴾، واتا باوەڕداران بە بەهرەی ڕوحی پیرۆز بەرەكەتدار دەكات (لە شانەشینەكەی كۆیان دەكاتەوە)، بەڵام سزای ئەو كەسانە دەدات كە باوەڕ بە ئاگری نەكوژاو ناكات. لە (كردار2: 3) ﴿*چەند زمانێك هەروەك لەئاگر بێت*﴾ ئاماژەیان بە بەهرەی توانا لەسەر جاردان بە پەیامی ئینجیل دەكرد بە پەرۆشی و خۆشەویستییەوە (كردار6: 10).

ب) بخوێنە: (یۆحەننا3: 3-8) (کردار2: 1-4).

تێبینییەکان: ڕستەی ﴿لەناکاو دەنگێك لەئاسمانەوە وەك ڕەشەبا هات﴾ ئاماژە بە هێزە نایابەکەی ڕوح دەدات سەرباری ئەوەی کە دیار نییە. لە (یۆحەننا3: 3-8) دەبینین ڕوح لە ڕستەی ﴿با بۆ کوێیی بووێت هەڵدەکات﴾ ئاماژەی پێدراوە و ئاماژەیش بە کاری لەدایکبوونی دووەم و نوێبوونەوە دەدات، هەروەها کارێکە کە پێشبینی ناکرێت یان بەرەنگاری نابێتەوە.

پ) بخوێنە: (یۆحەننا7: 37-39).

تێبینییەکان: ڕستەی ﴿ڕووبارەکانی ئاوی زیندوو﴾ ئاماژە بە ڕوح دەدات بەو پێیەی کە سەرچاوەی ڕزگاربوونی تەواو و باوەڕی تەواوە لەلای باوەڕداران، هەروەها ئەو سەرچاوەیە کە باوەڕداران دەکاتە ڕێڕەوێك بۆ گەیاندنی بەرەکەتە دەوڵەمەندەکانی خودا بۆ کەسانیتر.

ت) بخوێنە: (2کۆرنسۆس1: 21-22).

تێبینییەکان: ووشەی (بژار) ئاماژە بەو باوەڕدارانە دەدات کە ڕوحی پیرۆزیان بە هەموو ئەرکەکانیوە دەستەبەر کردووە، هەروەها پێگەیشتوون بۆ ئەنجامدانی ڕۆڵی پێغەمبەرایەتی و کاهینایەتی و پادشایەتیی لەسەر زەوی. هەروەها ووشەی (مۆر) ئاماژە دەکات بەوەی کە باوەڕداران دووبارە لەدایك دەبنەوە لەڕێگای ڕوحی پیرۆز، ئەوانیش لایەنگری خودان، خودایش دەیانپارێزێت. ووشەی (پێشەکی) ئاماژە دەدات بەوەی کە باوەڕداران ڕوحی پیرۆزیان دەستەبەر کردووە وەك متمانەیێك بۆ هەر شتێك کە خودا پێیانی دەبەخشێت وەك میراتییەك لە ئایندەدا.

## ب) کاری ڕوحی پیرۆز لە خەڵکیدا

ئێستاکە ڕوحی پیرۆز عیسای مەسیح دەنوێنێت لەسەر زەوی، لە بێ باوەڕ و باوەڕداران کار دەکات.

### 1 ڕوحی پیرۆز جێگری عیسای مەسیحە

ئـ) جێگر.

عیسای مەسیح بەڵێنی بە قوتابییەکانی دا کە لەپاش خۆی وەك بێکەسێك بەجێیان ناهێڵێت، بەڵکو خودی خۆی لە کەسی ڕوحی پیرۆزدا دێتە لایان (یۆحەننا14: 16-18). ووشەی (پارمەتیدەر) (بەیۆنانی: باراکلیتوس) دەکرێ بە (جێگر) یان (نوێنەر) وەربگێڕێت. (جێگر) یان (نوێنەر) ئەو کەسەیە کە لەگەڵت دەوەستێت و یارمەتیت دەدات، بەتایبەت لەبەردەم یەکێك لە ناحەزانت یان لەبەردەم دادوەرێك. بۆیە، ووشەی (پارمەتیدەر) دەکرێت وەرگێڕدرێت بۆ ئەم وشانەیش: شەفاعەتکار، پارێزەر، ڕاوێژکار.

ب) ڕوحی پیرۆز جێگر (نوێنەر)ی عیسای مەسیحە لەسەر زەوی.

1. ڕوحی پیرۆز جێگری باوەڕداران نییە، بەڵکو جێگری عیسای مەسیحە! خۆی نوێنەرایەتی عیسای مەسیح لە ناوەڕاستمان دەکات. هەروەها هەموو ئەو قسانەی عیسای مەسیح کردوویەتی دەهێنێتە یادمان (یۆحەننا14: 26). هەروەها شایەتی عیسای مەسیح دەدات (یۆحەننا15: 26). ڕێنمایی قوتابیانیش دەکات بۆ هەموو ڕاستییەك لە عیسای مەسیحەوە گوێبیستی بێت (یۆحەننا16: 13). هەروەها قوتابییان دەگۆڕێتە سەر وێنەی عیسای مەسیح (2کۆرنسۆس3: 17-18). هەروەها ڕوحی پیرۆز پارێزەری لەسەر کێشەی عیسای مەسیحی خوداوند دەکات و بەرژەوەندییەکانی عیسای مەسیح دەپارێزێت، داهاتەکانی عیسای مەسیح ڕادەپەڕێنێت. بەکورتی، ڕوحی پیرۆز شکۆمەندی عیسای مەسیح دەکات لە ئەزموونەکانی قوتابیان و لە کڵێسادا (یۆحەننا16: 14)!

2. هەر یەك لە ڕوحی پیرۆز و عیسای مەسیح پێیان دەوترێت (جێگر) یان (شەفاعەتكار) (بەزمانی یۆنانی: باراكلیتۆس). كاتێك ڕوحی پیرۆز جێگری عیسای مەسیحە لەسەر زەوی، هەروەها ئەو یارمەتیدەرە كە عیسای مەسیح بۆ باوەڕدارانی ناردووە (یۆحەننا14: 16، 26). عیسای مەسیحیش خودی خۆی شەفاعەتكاری باوەڕدارانە لە ئاسمان لەلای خودای باوك (1یۆحەننا2: 1). سەرباری ئەوەی كە ڕوحی پیرۆز لەجیاتی عیسای مەسیح بۆ باوەڕداران دەدوێت، بەڵام عیسای مەسیح لەجیاتی باوەڕداران لەلای خودای باوك دەدوێت (عیبرانییەكان7: 25).

پ) ڕوحی پیرۆز عیسای مەسیحە لەباوەڕداراندا.

1. پێش بەرزبوونەوەی عیسای مەسیح بۆ ئاسمان، جێگری خودا بوو لەبەردەم مرۆڤ لەسەر زەوی، ناوی (ئیمانوێل)ە واتا خودا لەگەڵمانە. بەڵام، سەبارەت بەوەی پەیوەندی بە جەستەی لەسەر زەوی هەبێت، عیسای مەسیح زەوی بەجێهێشت و بۆ ئاسمان بەرز بووەوە (لۆقا24: 50) (كردار1: 9).

2. عیسای مەسیح یارمەتیدەری دیكەی نارد بۆ باوەڕداران (شەفاعەتكار، جێگر). كاتێك عیساس مەسیح پەیمانی دا ﴿یارمەتیدەرێكی دیكە﴾ بۆ سەر زەوی دەنێرێت، مەبەستی ئەوە نەبوو كە (كەسێكی جیاواز) دەنێرێت، بەڵكو (یارمەتیدەرێك یان شەفاعەتكارێكی دیكە هاوشێوەی خودی خۆی. (یۆحەننا16: 7). عیسای مەسیح جێگری خودا بوو لەو كاتەی لەجەستەدا بوو لەسەر زەوی. بەڵام لەپاش بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان ڕوحی پیرۆز شوێنی عیسای مەسیحی گرتەوە و بووبە نوێنەری خودا واتا عیسای مەسیح لەسەر زەوی. بۆیە، ڕوحی پیرۆز لەلای باوەڕداران نوێنەرایەتی تەواوی عیسای مەسیح دەكات ئەگەر خودی خۆی لەسەر زەوی ئامادە بوایە! كاتێك عیسای مەسیح هێشتا بەجەستە لەسەر زەوی بوو، لە شوێنێكی دیاریكراو و سنووردار بوو لەسەر زەوی (فەلەستین)، هەروەها لە سەردەمێكی دیاریكراو لە مێژووی مرۆڤدا. (لە نزیكەی ساڵی 4ی پێش زایینی تا ساڵی 30 پ. ز.). بەڵام لەپاش بەرزبوونەوەی عیسای مەسیح بۆ ئاسمان و ناردنی ڕوحی پیرۆز، ڕوحی پیرۆز (بەو پێیەی ڕوحی خودایە یان ڕوحی عیسای مەسیحە) لە شوێنێكی دیاریكراوی زەویدا سنووردار نییە و لە هیچ ماوەیەكی ڕۆژگاری دیاریكراو نییە لە مێژووی مرۆڤدا. ڕوحی پیرۆز كاری عیسای مەسیح تەواو دەكات بەو پێیەی كە جێگری خودایە یان جێگری عیسای مەسیحە لەسەر زەوی! ڕوحی پیرۆز لەنێو باوەڕداراندا بوونی هەیە و تاهەتایە لە ناخیاندا نیشتەجێیە (یۆحەننا14: 16-17)!

3. ڕوحی پیرۆز لە عیسای مەسیح جیا ناكرێتەوە و هیچ كەسیان بەبێ ئەوەكە قبوڵ ناكرێت چونكە هەردووكیان یەك لایەنی خوداین و یەك سروشتی خوداوەندییان هەیە. ڕوحی پیرۆز (خودی عیسای مەسیحە)، (ڕوحی خودا)، (ڕوحی مەسیحە) كە لەناخماندا نیشتەجێیە! ئەو مەسیحە لە ناخماندا (ڕۆما8: 9-10). ڕوحی پیرۆز لەلای باوەڕداران نوێنەرایەتی عیسای مەسیح دەكات كەچۆن دەبێت ئەگەر خودی خۆی لەسەر زەوی ئامادە بوایە!

## 2 ڕوحی پیرۆز جیهان سەرزەنشت دەكات

**بخوێنە:** (یۆحەننا3: 16-18، 36) (یۆحەننا16: 8-11) (ڕۆما1: 18، 28-32).

**بدۆزە و گفتووگۆبكە:** كارەكانی ڕوحی پیرۆز چییە كە پەیوەندییان بە جیهانەوە هەیە و بێ باوەڕ و باوەڕدارەكان دەگرێتەوە؟

**تێبینییەكان:** ووشەی (سەرزەنشت) واتای دۆزینەوە و سزادان و قایل كردن دەگەیەنێت.

ئـ) ڕوحی پیرۆز خەڵكی لەسەر گوناهە سەرزەنشت دەكات.

1. ڕوحی پیرۆز ڕاستی گوناە ئاشكرا دەكات و ئابڕوی دەبات. هەروەها دووریی خەڵكی لە خوداوە ئاشكرا دەكات كە خۆی لە كتێبی پیرۆز ڕاگەیاندووە. هەروەها سەربەخۆییان لە خودا و یاخیبوونیان لە خودا ئاشكرا دەكات. لەسەر خۆویستییان، سەربەخۆییان، ئازادییە ساختەكەیان، ڕازیبوونیان لەسەر خۆیان، هەوڵدانیان بەدوای خۆیاندا سەركەشێكانیان سەرزەنشتیان .

دەكات. هەروەها ڕوحی پیرۆز دڕندەیی خەڵكی ئاشكرا دەكات، واتا پەیوەندییە هەڵەكانیان لەنێوان یەكتردا پیشانیان دەدات، بەتایبەت ناحەزكردنیان لە یەكتر. ئەو سەرزەنشتیان دەكات لەسەر ئەو كارانەی كە خودا قەدەغەی كردوون، بۆ ئەنجام نەدانی ئەو شتانەی كە خودا ئامۆژگارییان بۆ دەكات. بەم شێوەیە، خەڵكی لەسەر ڕاستی خۆیان ئاشكرا دەكات لە ڕووی كەسێتی و هەڵسوكەوتەوە چونكە دەیانخاتە ڕووناكی خودای پیرۆزەوە ئاگاداریان دەكاتەوە كە ئەوان كێن و پێویستە كێ بن.

1. ڕوحی پیرۆز خەڵكی سەرزەنشت دەكات لەسەر دڕندەییەكانیان، بیانووە پووچەكانیان بەدرۆ دەخاتەوە، ئاشنایان دەكات بە مەترسی دۆخەكەیان. ئەو (سەركۆنەیان) دەكات لە ڕێگای ئاگاداركردنەوەی مێشك و دڵیان كە بە ڕێگای خراپە و گوناە و دەستدرێژیكردنە سەر یاساكانی خودادا دەچن. هەروەها هەموو بیانووەكان بەدرۆ دەخاتەوە كە دژی خودا بەكاری دەهێنن. هەروەها (ئاگاداریان دەكات) بە گوناهەكانیان لە تێڕوانینی خودادا و تاكو هەست بە شەرمەزاری بكەن لەبەردەم خودا. هەروەها خەڵكی ڕازی دەكات بەوەی كە شایستەی سزای مردنن (ڕۆما6: 23). بەم شێوەیە، وایان لێدەكات مەترسی گوناهەكانیان بزانن و سەرزەنشتیان دەكات لەسەریان لە ڕێگای هەست كردنیان بە ئاژەنینی ویژدانیان و شەرمەزاری و خەمۆكی.

ب) ڕوحی پیرۆز لەسەر ڕاستودروستی خەڵكی سەرزەنشت دەكات.

ڕوحی پیرۆز ڕاستودروستی خودا ئاشكرا دەكات كە خودا لە خەڵكی داوای دەكات. ڕوحی پیرۆز (خەڵكی لە ڕاستودروستی هۆشیار دەكاتەوە) ئەو ڕاستودروستیەی خودا لە جیاتی خەڵكی ئەنجامی داوە، واتا خەڵكی لە ڕاستی ئاشنا دەكات و بە ڕاستی و گرنگی ئەوەی خودا ئەنجامی داوە لەڕێگای عیسای مەسیحەوە تاكو خەڵكی ڕزگار بكات لە گوناە. هەروەها خەڵكی بە ڕاستی و گرنگی بەرجەستە بوونی مەسیح و مردنەكەی و هەستانەوەكەی و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان و دانیشتنی لەلای ڕاستەوەی باوكەوە ئاشنا دەكات. هەروەها ڕوحی پیرۆز (خەڵكی هۆشیار دەكاتەوە) لەو ڕاستودروستییەی كە خودا لە خەڵكی داوا دەكات. لەبەر ئەوەی ئەگەر خەڵكی (100٪) بێتاوان نەبن لەبەردەم خودا، ناتوانن ڕزگاربوون دەستەبەر بكەن (یاقوب2: 10) (غەلاتیە3: 10). بۆیە، خەڵكی ئاگادار دەكاتەوە بە گرنگی ئەوەی كە باوەڕ بە عیسای مەسیح بكەن و ڕاستودروستییەكەی بەتەواوەتی قبوڵ بكەن لەجیاتی ئەوان (2كۆرنسۆس5: 21). بەم شێوەیە، ئاگاداریان دەكاتەوە لە هەڵی ئەوەی كە بن بە بێتاوان لە تێڕوانینی خودادا ئەگەر تۆبەت كرد و باوەڕیان بە عیسای مەسیح هێنا.

پ) ڕوحی پیرۆز خەڵكی لەسەر سزادان سەرزەنشت دەكات.

ڕوحی پیرۆز سزادانی خودا ئاشكرا دەكات. ئەو (خەڵكی ئاشنا دەكات) لە دووریيان لە خوداوە. هەروەها خەڵكی ئاگادار دەكاتەوە كە لەبنەڕەتدا تاوانبارن لەبەردەم خودای پیرۆز، تاهەتایە دەفەوتێن ئەگەر تۆبەت نەكەن و باوەڕ نەهێنن. هەروەها (خەڵكی ئاشنا دەكات) كە سزادانی كۆتاییی هەیە خودا دایناوە. ئەویش خەڵكی ئاشنا دەكات بە ڕاستی و گرنگی سزادانی خودا ئەگەر سوكایەتییان بە ڕاستی كرد و عیسای مەسیحیان ڕەتكردەوە.

### 3 ڕوحی پیرۆز لە باوەڕداراندا كار دەكات

**بدۆزە و گفتووگۆبكە:** كارەكانی ڕوحی پیرۆز چییە كە پەیوەندی بە باوەڕدارانەوە هەبێت؟

**تێبینییەكان:** ڕوحی پیرۆز لە سەرەتای ڕۆژی پەنجایەمین دەستیپێكرد بە كۆكردنەوەی هەموو كارەكانی عیسای مەسیح لەسەر خاچ بۆ باوەڕداران. هەروەها دەستكەوتەكانی عیسای مەسیح كە ڕابردوودا ئەنجامی داوە، لە ئێستادا بەسەر باوەڕداراندا جێبەجێی دەكات. هەروەها تەواوی كارەكانی عیسای مەسیح لە ڕابردوودا بەسەر ژیانی باوەڕداراندا لە ئێستا جێبەجێی دەكات. خەڵكیش نوێ دەكاتەوە، گوێبیستی ووشەی خودایان دەكات، بەرەو گوێڕایەڵی ڕابەرایەتییان دەكات و پیرۆزیان دەكات.

ئـ) جەختكردنەوەی كتێبی پیرۆز سەبارەت بە ڕوحی پیرۆز نوێكردنەوەی خەڵكییە.

**بخوێنە:** (یۆحەننا3: 5-8). **تێبینییەكان:**

1. نوێکردنەوە بەدیهێنانی مەبەستە تاهەتاییەکەی خودایە لەو کاتەی کە خودا دەستنیشانی کرد (2تسالۆنیکی2: 13-14). مەبەستی تاهەتایی خودا لە هەڵبژاردنی کەسانێکی دیاریکراو دەستەبەرکردنی ڕزگاربوونە لە ڕێگای کاری پیرۆزکردن کە ڕوحی پیرۆز لە ڕێگای باوەڕهێنان بە ڕاستی جێبەجێی دەکات. خودا مەبەستە تاهەتاییەکەی لە ژیانیاندا دێنێتە دی (ئەفەسۆس1: 11) بە بانگەهێشتکردنیان لە کاتێکی دیاریکراو لە مێژوودا ئەویش لە ڕێگای ڕاگەیاندنی پەیامی ئینجیل. مەبەستی ڕوحی پیرۆزیش نوێکردنەوەیانە (یۆحەننا3: 3-8). واشیان لێدەکات بەشدار بن لە سروشتیی خودایی (2پەترۆس1: 4). ڕوحی پیرۆز ئەو کارە ئەنجام دەدات بەشێوەیەك کە خەڵکی کاری نوێبوونەوە تاقی بکەنەوە لە ژیانیاندا. ئەو لە دڵی باوەڕدار گەواهی دەدات کە بووەتە کوڕی خودا و لە خودادا زیندوو دەبێت و خودایش تێیدا زیندوو دەبێت (ڕۆما8: 16) (1یۆحەننا2: 20، 27) (1یۆحەننا4: 13). هەرچەندە باوەڕدار ڕۆژێك لە ڕۆژان نابێتە خودا، بەڵام خودا بە ڕوحی خۆی لە باوەڕداران نیشتەجێ دەبێت، مەبەستی ڕوحی پیرۆز شکۆدارکردنی مەسیحە لە ڕێگای جێبەجێکردنی کاری رزگاری عیسای مەسیح لە ژیانی باوەڕداران.
2. نوێکردنەوە کارێکە خودا ئەنجامی دەدات بەپێی دەسەڵاتی (تیتۆس3: 3-7). ئەمەیش ئەو هۆکارەیە کە وا لە باوەڕداران دەکات دان بنێن بەوەی کە ڕزگاربوونیان دەستەبەر کردووە تەنها بەپێی خۆشەویستی نەگۆڕی خودا و نیعمەتەکەی (ئەفەسۆس2: 8). کاری نوێکردنەوە کە ڕوحی پیرۆز ئەنجامی دەدات کاردەکاتە سەر ویژدانی کەسی گوناهکار و لە جیهانی گوناە و لە شەیتان دووری دەخاتەوە و بەلای خوداوە نزیکی دەکاتەوە (کردار2: 37-42) (کردار26: 18). ئەمەیش بەرەو پەشیمانی لەسەر گوناە و باوەڕکردن بە خوداوەند عیسای مەسیح دەیبات. باوەڕیش لە ئاکامی بانگەهێشتی خودا دێتە دی (ڕۆما10: 17)، بەخشینێکی خودایشە (ئەفەسۆس2: 8) (فیلیبی1: 29) (کردار13: 48)، ئەویش (لە هەمان کاتدا) ئەو هۆیەیە کە مرۆڤ خۆی پێ تاوان دەبێت (ڕۆما5: 1). بە ڕستەیەکی دیکە، باوەڕ ئەو دەستە بەتاڵەیە کە تێیدا مرۆڤ ڕزگاربوون قبوڵ دەکات کە خودا پێی دەبەخشێت (یۆحەننا1: 12). لە ڕێگای جاردان بە پەیامی ئینجیل خەڵکی بانگەهێشت دەکرێن بۆ دەستبەرکردنی ڕزگاری (مرقۆس1: 15) (کردار3: 19) (کردار26: 18). هەروەها لە ڕێگای باوەڕەوە بێ تاوان دەبن (ڕۆما3: 22). بێ تاوانیش دەبێتە هۆی پەیوەندییەکی نوێی لەگەڵ خودا (ڕۆما5: 1)، هەروەها قبوڵ کردنی ڕوحی نەتەوایەتی لێدەکەوێتەوە (ڕۆما8: 15-16) (ئەفەسۆس1: 13) (کردار15: 7-11)، لەگەڵ قبوڵ کردنی توانای هەڵسوکەوتکردن لە ژیانی پیرۆزی نوێی (ڕۆما6: 4-14).

ب) جەختکردنەوەی کتێبی پیرۆز سەبارەت بە کاری ڕوحی پیرۆز گوێبیستی خەڵکییە بۆ ووشەی خودا.

**بخوێنە:** (یۆحەننا16: 13-15) (یۆحەننا14: 26). **تێبینییەکان:**

1. کتێبی پیرۆز ئەو کەرەستە تایبەتەیە کە ڕوحی پیرۆز بەکاری دەهێنێت، کتێبی پیرۆز شمشێرەکەیەتی کە بۆ بەزاندنی مێشك و دڵ و ژیانی بێ باوەڕ و باوەڕداران بەیەك شێوە بەکاری دەهێنێت. ڕوحی پیرۆز هەمیشە هەندێك برگەی کتێبی بەکار دەهێنێت بۆ فێرکردنی باوەڕداران و هاندانیان، هەروەها گۆڕینیان لە هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان کە لەژیانیاندا پێیدا تێدەپەڕن (ئەفەسۆس6: 17) (عیبرانییەکان4: 12). هەروەها ڕێنمایی باوەڕداران دەکات بۆ هەموو مافە کتێبییەکان و هەموو ئەو شتانەش فێردەکەن کە عیسای مەسیح فێری کردوون (یۆحەننا16: 13-15) (یۆحەننا14: 26).
2. هەموو ووشەیەکی کتێبی پیرۆز لە ڕوحی پیرۆزەوە سروش کراوە و لە ناوەڕۆکەکانیاندا لە گوناە پارێزراوە. کتێبی پیرۆزیش بەتەواوەتی تەنها پێوانەی دەسەڵاتە بۆ باوەڕ و ژیانی مەسیحی. هەروەها، کتێبی پیرۆز گونجاوە بۆ فێرکردنی ڕاستی و بەدرۆخستنەوەی هەر بیانوویەك و مشتومڕێك دژی خودا، ڕێکخستنەوەی خەڵك و گەڕانەوەیان بۆ ڕێگای خودا، ڕاهێنانی خەڵك بۆ ئەنجامدانی هەر کارێکی ڕاستی لە تێڕوانینی خودا و پێگەیاندنیان بۆ خزمەتکردن (2تیمۆساوس3: 16-17).

3. کتێبی پیرۆز (بەو پێیەی ووشەی خودایە) ڕاستییە، ڕوحی پیرۆزیش ڕوحی ڕاستییە (یۆحەننا17: 17) (یۆحەننا14: 17). قسە بابەتییەکەی خودایش لە کتێبی پیرۆزدا پێچەوانەی پێشبینی و خەونە نا بابەتییەکانی خەڵکییە (ئیرمیا23: 9-32). لە (ئیرمیا23) دەبینین سیفەتە تایبەتمەندەکەی پێغەمبەرە درۆزنەکان ئەوەبوو کە پێشبینی هەندێك کاری ئایندەییان دەکرد (وەك گەلی ئیسرائیل لە ئایندەدا تووشی هیچ خراپەیەك نابێت)، بەڵام سیفەتی تایبەتی پێغەمبەرە ڕاستەقینەکان ئەوە بوو کە بانگەشەیان بۆ قسەکانی خودا دەکرد کە بۆ گەل جاڕی داوە و بۆ تۆبەت ڕابەرایەتی کردوون. پێویستە لەسەر باوەڕداران هەمیشە ڕێنمایی خۆیی بۆ ڕوحی پیرۆز لە دڵدا تاقی بکەنەوە لە ڕۆشنایی ووشەی خودا کە لە کتێبی پیرۆز جاڕ دراوە. بەکورتی، گرنگترین شت ئەوەیە کە ڕوحی پیرۆز ڕێنمایی باوەڕداران دەکات لە ڕێگای کتێبی پیرۆزەوە. بۆیە، بیستنی ووشەی خودا و خوێندنەوەی و ڕامانکردنی و دەرخکردنی و جێبەجێکردنی لە ژیانماندا کارێکی زۆر گرنگن!

پ) جەختکردنەوەی کتێبی پیرۆز سەبارەت بە ڕوحی پیرۆز ڕابەرایەتی کردنی خەڵکییە بۆ گوێڕایەڵی ووشەی خودا.

**بخوێنە:** (1پەترۆس1: 2). **تێبینییەکان:** ڕوحی پیرۆز وا لە باوەڕداران دەکات لە ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز تێبگەن (ئەفەسۆس1: 17-18). هەروەها ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز لە دڵ و مێشك و ژیانی باوەڕداران جێبەجێ دەکات و زیاتر ملکەچیان دەکات بۆ خودا و ووشەکەی. بۆیە کاری پیرۆزکردن کە ڕوحی پیرۆز ئەنجامی دەدات بەشێوەیەکی تایبەت ئەوە دەگرێتەوە کە وا لە باوەڕداران بکات گوێڕایەڵی عیسای مەسیح بن (1پەترۆس1: 2)! خودا ڕوحی پیرۆزی بەخشیوە بەو کەسانەی گوێڕایەڵی دەکەن (کردار5: 32). بۆیە، ڕوحی پیرۆز دەڵێت ﴿*ئەمڕۆ، ئەگەر گوێتان لە دەنگی ئەو بوو،* دڵتان ڕەق مەکەن، وەك لە یاخیبوونەکەی ڕۆژی تاقیکردنەوە لە بیاباندا﴾ (عیبرانییەکان3: 7-8). بۆیە، باوەڕداران بەرپرسیارن لەوەی کە دڵی یەکێکیان دڕندە نەبێت (گوناهکار، دوور لە خودا)، یان بێ باوەڕ بێت (گومانکار، ڕەخنەگر)، یان سەخت بێت (بەرەنگار، توندڕەو) کە وای لێدەکات لە خودای زیندوو بگەڕێتەوە. بەڵکو ڕۆژانە هانی یەکتر بدەن لەسەر گوێڕایەڵی کردنی خودا کە لەکتێبی پیرۆز جاڕی داوە (عیبرانییەکان3: 12-13). هەروەها، پێویستە هەر کەسێك گوێبیستی هەموو ئەو ڕێنمایانە بێت کە ڕوح بە کڵێسەکانی دەڵێت لە جیهاندا (بینین2: 1، 7). هەروەها، ئەوانەی بەپێی باوەڕی ڕوحی پیرۆز دەژین، دەیانەوێ و دەتوانن و هەوڵ دەدەن بۆ ملکەچکردنی خۆیان بۆ خودا و ووشەی خودا. بە شێوەیەکی دیکە، لە ژیانیاندا هەوڵ دەدەن گوێڕایەڵی خودا بکەن و ئەوەی ڕازی دەکات. بەڵام ئەوانەی بە پێی ویست هەڵەکانی خۆیان دەژین، ئەوان نایانەوێ و ناتوانن و هەوڵ نادەن بۆ ئەوەی ملکەچی خودا و ووشەکەی بن (ڕۆما8: 5-8) (کۆلۆسی1: 9-12). بەم شێوەیە، جەختکردنەوە لە کتێبی پیرۆزدا دەربارەی ئەوەی کە پەیوەندی بە کاری ڕوحی پیرۆزەوە هەبێت بە ئامانجی وەرگرتنی زانیاری نوێ نییە، بەڵکو لەسەر گوێڕایەڵی کردنی زانیارییەکانی ئێستایە کە لەکتێبی پیرۆزدا باسکراوە.

ت) جەختکردنەوەی کتێبی پیرۆز سەبارەت بە ڕوحی پیرۆز نوێکردنەوەی خەڵکە.

**بخوێنە:** (غەلاتیە5: 13-26). **تێبینییەکان:**

1. ڕوحی پیرۆز باوەڕداران پیرۆز دەکات تاوەکو زیاتر ببنە هاوشێوەی عیسای مەسیح (2کۆرنسۆس3: 17-18). لە ڕێگای هێزی ڕوحی پیرۆز کە لە باوەڕداراندا نیشتەجێیە، ئەو کارە شەرمەزارانە دەمرێنن کە لەجەستە گوناهکارەکانیاندا سەرچاوەی گرتووە (ڕۆما8: 13). ئەوان بڕیار دەدەن چیتر نازێن بەپێی جەستە گوناهکارەکانیان، بەڵکو بەپێی ڕێنماییەکانی ڕوحی پیرۆز و هێزەکەی کار دەکەن تاوەکو بەروبوومی ڕوحی پیرۆز بەرهەم بهێنن. سروشتی هەڵەی مرۆڤیش لە ڕێگای گوناهە جەستەییەکانەوە وەك گوناهەی داوێنپیسی بە هەموو شێوازەکانی، لە ڕێگای گوناهە پەیوەندیدارەکان بە جیهانی ڕوحییەوە وەك پەرستنی بتەکان، جادووکەری، ئەوانەی لەو بابەتەن، هەروەها لە ڕێگای گوناهە کۆمەڵایەتییەکان وەك ئاواتی خۆویستی و نیگەرانی. جیهانی ڕوحییەوە وەك پەرستنی بت، جادووکەری، ئەوانەی لەو بابەتەن، هەروەها لە ڕێگای گوناهە کۆمەڵایەتییەکان وەك ئاواتی خۆویستی و نیگەرانی. بەروبوومەکانی ڕوحی پیرۆزیش گوزارشت لە خۆی .

دەكات لە ڕێگای هەندێك سیفەتی جەستەیی ڕوحی سەرەكی وەك خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، هەروەها لە ڕێگای هەندێك چاكەی كۆمەڵایەتی وەك خۆڕاگری، سۆزداری، چاكە. لە ڕێگای پەیوەندییەكانەوە وەك متمانەیی بەرامبەر خودا، سۆزداری بەرامبەر بە كەسانی دیكە و خۆڕاگرتن.

2. ڕەفتاری باوەڕدار لە وحدا (غەلاتیە 5: 16، 25) و ملكەچی بۆ ڕوح (غەلاتیە 5 : 18) واتا پێویستە ڕێگا بداتە عیسای مەسیح لە دڵ و ناخیدا جێگیر بێت و ببێتە خوداوەند لەسەر ژیانی، واتا بەتەواوەتی دەسەڵات بگرێتە سەر ژیانی و زیاتر كاریگەری لە ژیانیدا هەبێت هەر جارێ خۆی ملكەچ كردە دەسەڵاتی عیسای مەسیح و ویستەكەیدا. نیشانەی بینراویش لەسەر جێگیربوونی ڕوحی پیرۆز لە باوەڕداردا، بوونی بەروبوومی ڕوحییە لە ژیانیدا بەتایبەت خۆشەویستی (غەلاتیە5: 13-26) (ئەفەسۆس3: 16-17).

**پوختە:** ڕوحی پیرۆز ڕابەرایەتی خەڵكی دەكات بۆ باوەڕهێنان بەو شتانەی كتێبی پیرۆز باسی دەكات لەسەر كارە هەڵەكانیان و عیسای مەسیح بناسن و شكۆداری بكەن، لە كتێبی پیرۆز بگەن و گوێڕایەڵی بكەن. هەروەها ڕوحی پیرۆز نوێژ لە پێناوی باوەڕداران دەكات بەپێی تەواوی ویستی خودا (تەماشای پاشكۆی2 بكە لە كۆتایی ئەم كتێبە). سەربارى ئەوە ڕوحی پیرۆز گۆڕینی ڕاستەقینە لە خەڵكی دەكات و وایان لێدەكات خۆیان ئەم گۆڕانە تاقی بكەنەوە.

## پ ) كاری ڕوحی پیرۆز لە باوەرداران

**فێربكە:** لە ڕۆژی پەنجایەمیندا چارەسەرەكانی ڕوحی پیرۆز ئاماژەیان بە سێ ڕووداوی گرنگ داوە:

1. ڕۆژی پەنجایەمین مژدەیەك بوو لە خوداوە لەسەر ئەوەی كە عیسای مەسیح خۆی قوربانیدەرە (كردار2: 32-36).
2. ڕۆژی پەنجایەمین خاڵی دەستپێكردن بوو بۆ دامەزراندنی كڵێسا (كردار2: 37-47).

با بەشێوەیەكی قووڵتر بڕوانینە ئەم سێ ئەركەی روحی پیرۆز:

**1** روحی پیرۆز شكۆمەندكاری عیسای مەسیحە لە تاقیكردنەوەی باوەڕداران.

ڕوحی پیرۆز عیسای مەسیح دەخاتە ناوەندی كڵێسا.

**بدۆزە و گفتووگۆبكە:** كارەكانی ڕوحی پیرۆز چییە سەبارەت بە عیسای مەسیح؟

ئـ) ڕوحی پیرۆز ناسینەوەیەكی تایبەتی سەبارەت بە عیسای مەسیح دەدات.

**بخوێنە:** (2كۆرنسۆس4: 6).

**تێبینییەكان:** ڕوحی پیرۆز دیاربوونە نەبینراوەكەی خودا بە كەسی عیسای مەسیحی بینراو شێدەكاتەوە. هەروەها وا لە ڕووناكی خودا دەكات لە دڵی باوەڕداران بدرەوشێتەوە، واتا ڕاستەوخۆ ناسینەوەی سیفەتە مەزنەكانی خودا دەخاتە دڵیانەوە وەكو لە كەسی عیسای مەسیح جاری داوە (2كۆرنسۆس4: 6) (كۆلۆسی1: 15). هەروەها لە ڕێگای جاڕدانی بە پەیامی ئینجیل ناسینەوەی خودای زیندوو بە باوەڕداران دەدات و فێركردنی كتێبی پیرۆز كە تۆماری جاڕی عیسای مەسیح لەخۆ دەگرێت (یۆحەننا20: 30-32) (كردار8: 35).

ب) ڕوحی پیرۆز شایەتی بۆ عیسای مەسیح دەدات.

**بخوێنە:** (یۆحەننا15: 26) (یۆحەننا16: 14).

**تێبینییەكان:** ڕوحی پیرۆز خۆی ناخاتە ناوەندەوە، بەڵكو عیسای مەسیح دەخاتە ناوەندەوە و شكۆمەندی عیسای مەسیح دەكات لە تاقیكردنەوەی باوەڕداران و لە ژیانیان (یۆحەننا16: 14).

پ) ڕوحی پیرۆز بە قسەی عیسای مەسیح دەدوێت؟

**بخوێنە:** (یۆحەننا14: 26) (یۆحەننا16: 14-15).

**تێبینییەکان:** باسی هیچ شتێك ناکات بەبێ عیسای مەسیح.

ت) ڕوحی پیرۆز وا لە باوەڕداران دەکات دان بە عیسای مەسیح بنێن وەك خوداوەند لەسەر ژیانیان.

**بخوێنە:** (1کۆرنسۆس12: 3).

**تێبینییەکان:** وا لە باوەڕداران دەکات ئەوە دەربخەن لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا کە عیسای مەسیح خوداوەندە لەسەر ژیانیان. هەروەها وایان لێدەکات ملکەچی عیسای مەسیح بن و گوێڕایەڵی بکەن (ڕۆما8: 5-8) (1پەترۆس1: 2).

**پوختە:** تاقیکردنەوەی ڕاستەقینە بۆ هەر گروپێك کە پێیان وایە باوەڕیان بە عیسای مەسیح و کارەکەی هەیە (ئەگەر لە ژیانی تاکەکان بێت یان لە ژیانی کڵێسا بەگشتی) ئەو پێگەیەیە کە بە عیسای مەسیحی دەبەخشن. جا ئەگەر باوەڕدار (یان کڵێسا) شکۆمەندی مرۆڤ دەکات، یان ئەزموونە ڕوحییەکەی مەزن دەکات، ئەوە دەگەیەنێت کە وەکو پێویست لە ڕوحی پیرۆز تێنەگەیشتووە. ڕوحی پیرۆز پێی خۆش نییە ببینێت خۆشەویستی باوەڕداران بەرامبەر بە عیسای مەسیح لاواز دەبێتەوە! کاری سەرەکی ڕوحی پیرۆز شکۆمەندکردنی عیسای مەسیحە لە تاقیکردنەوەی باوەڕداران.

## 2 ڕوحی پیرۆز بەڕێوەبەری کڵێسایە

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** کارەکانی ڕوحی پیرۆز چییە سەبارەت بە کڵێسا؟

ئـ) ڕوحی پیرۆز کڵێسای نێوخۆیی دەکاتە جێنشینێکی ڕوحی بۆ خودا.

**بخوێنە:** (ئەفەسۆس2: 22). **تێبینییەکان:** پێش ڕۆژی پەنجایەمین، قوتابییەکان گروپێکی جیاجیا بوون لە تاکەکان. بەڵام لە ڕۆژی پەنجایەمین ، ڕوحی پیرۆز کردین بە یەك قەوارە کە جەستەی مەسیحە. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە کڵێسا تەلار نییە و ڕێکخراو نییە، بەڵکو زیندەوەرێکی زیندووە (1پەترۆس2: 4-5).

ب) ڕوحی پیرۆز باوەڕدار دەکاتە ئەندامێکی ڕاستەقینە لە کڵێسا.

**بخوێنە:** (1کۆرنسۆس12: 11-13).

**تێبینییەکان:** ڕوحی پیرۆز تەنها خۆی توانای هەیە مرۆڤ بکات بە ئەندامی ڕاستەقینە لە کڵێسا کە جەستەی مەسیحە. لە ڕێگای (لەئاوهەڵکێشانی ڕوحی پیرۆز)، واتا تەنها لە ڕێگای نوێکردنەوە، ئەو کەسە دەبێتە باوەڕدارێکی ڕاستەقینە و ئەندامێکی ڕاستەقینە لە کڵێسا کە جەستەی مەسیحە. هەروەها لە ڕێگای نوێکردنەوە، عیسای مەسیح لە باوەڕداردا جێگیر دەبێت و باوەڕداریش لە عیسای مەسیح جێگیر دەبێت (یۆحەننا1: 12-13). لە ڕێگای نوێکردنەوە جەستەی باوەڕدار دەبێتە پەرستگای ڕوحی پیرۆز (1کۆرینسۆس3: 16)، باوەڕداریش خۆی دەبێتە ئەندامێك لە جەستەی عیسای مەسیح لەسەر زەوی.

پ) ڕوحی پیرۆز پیران دەکاتە تەماشاکاری ڕاستەقینەی کڵێسا.

**بخوێنە:** (کردار20: 17-28).

**تێبینییەکان:** ڕوحی پیرۆز تەنها خۆی دەتوانێت وا لە کڵێسا نێوخۆییەکان بکات بە شێوەیەکی کاریگەری کار بکەن. ئەم کڵێسانەیش بەگشتی کڵێسەی گشتی پێکدەهێنن (یان کڵێسای مەسیحی جیهانی). ڕوحی پیرۆز خۆی تەماشاکار یان سەرپەرشتیار دیاری دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە: بن بە تەماشاکار یان چاودێر (تێبینی: ئەم وشەیە بەشێوەی کۆ دێتەوە!) بەشێوەیەك کە جەختکردنەوە سەرەکییەکەیان لەسەر ئەو کەسانە بێت کە پێویستییان بە چاودێرییە، لەگەڵ خۆراکی ڕوحی و پاراستن. هەروەها وەکو چاودێر و سەرپەرشتیار، پێویستە لەسەریان جەخت بکەنەوە لەسەر چالاکییەکان، بەتایبەت بەڕێوەبردنی دروست و کارا بۆ ئەرکە جیاجیاکانی کڵێسا نێوخۆییەکان.

ت) ڕوحی پیرۆز بەرپرسە لەسەر باوەڕی دروست و ڕەفتارەکانی کلێسا.

**بخوێنە:** (کردار15: 28).

**تێبینییەکان:** ڕوحی پیرۆز تەنها خۆی دەتوانێ ڕابەرایەتی گفتوگۆکان بکات کە لە کلێسادا دەکرێت بەرەو ڕێککەوتنی گشتی. بەڵام پێویستە شێوازە نوێکان لە بڕیاردان شوێنی ویستی خودا نەگرێتەوە کە لەکتێبی پیرۆزدا جاڕدراوە! پێویستە کلێساکان گوێ بگرن لە قسەکانی عیسای مەسیح لە ڕێگای ڕوح پیرۆزەوە (بینین2: 1، 7).

ج) ڕوحی پیرۆز بەهرەی ڕوحی دەبەخشێتە باوەڕداران بەپێی دەسەڵاتەکەی.

**بخوێنە:** (ڕۆما12: 4-8) (1کۆرنسۆس12: 11).

**تێبینییەکان:** ڕوحی پیرۆز تەنها خۆی دەتوانێت بڕیار بدات لەسەر بەهرە ڕوحییەکان کە باوەڕداران دەستەبەری دەکەن. مەبەست لە بەهرە ڕوحییەکان بونیادنانی کلێسایە. جۆراوجۆریی بەهرە ڕوحییەکان ئەوە دەردەخات کە خودا نایەوێت باوەرداران یان کلێساکان ببنە وێنەیەکی لەیەکچووی تەواو هاوشێوەی یەکتر بن، بەڵکو دەیەوێت شێوازی جۆراوجۆر بن! کلێسا پێکنایەت لە کەسانێك کە پێویست بێت جلەکانیان هاوشێوەی یەك بێت، یان لە شێوازی قسەکردنیان، یان لە شێوازی ڕەفتاریان و نەیش لە کەسانێك پێکبێت کە هەمان خزمەت لە کلێسەدا بکەن. هەر وەکو جەستەی مرۆڤ، کلێسا لە کەسانی زۆر جۆراوجۆر لە کەسێتی و توانایان پێکدێت. هەروەها چەندین بەهرەی ڕوحی جۆراوجۆریان هەیە و خزمەتی ڕوحی جۆراوجۆر دەکەن. هەندێك لە باوەڕداران هاوشێوەی دەمن لە پەیڕەو کردنی بەهرەی ئامۆژگاری و فێرکردن. ڕەنگە باشترین ئەرك بێت کەسانی هاوشێوەی ئەم باوەڕدارانە ئەنجامی بدەن ئەوەیە کە ببنە چاودێر، یان خزمەتکار، یان مامۆستا، یان هەر شتێکی هاوشێوە، هەروەها باوەڕدار هەیە هاوشێوەی دڵن لە پەیڕەوکردنی بەهرەی میهرەبانی، یان یارمەتیدان. ڕەنگە باشترین خزمەتیش کە ئەو کەسانە ئەنجامی بدەن بەسەرکردنەوەی نەخۆش بێت و یارمەتی هەژاران و کەم ئەندامان بدەن و سەرپەرشتیاری ئەو کەسانە بن کە تووشی خوی دەرمانی هۆشبەری بوونە و هەرچی هاوشێوەی ئەوانەبێت.

ح) ڕوحی پیرۆز ڕابەرایەتی کۆبوونەوە و خزمەتەکان دەکات.

**بخوێنە:** (ئەفەسۆس5: 18-19) (ئەفەسۆس6: 18) (فیلیبی3: 3).

**تێبینییەکان:** تەنها ڕوحی پیرۆز توانای ئەوەی هەیە کۆبوونەوە و خزمەتەکان پڕ بن لە ڕوح. بۆ نموونە، لەجیاتی ئەوەی کە باوەڕداران ڕەخنەی زۆر بگرن و هەوڵی بڕیاردان لەسەر کەسانی دیکە بدەن، بەردەوام دەبن لە سوپاس کردنی خودا لەسەر هەموو شتێك و هەموو ڕووداوێك. ڕوحی پیرۆز خۆی ڕابەرایەتی گفتوگۆ و شایەتی و ئامۆژگاری و فێرکردن و پەرستن و نوێژ و گۆرانییە ڕوحییەکانیان دەکات.

**پوختە:** ڕوحی پیرۆز بە کارایی ڕابەرایەتی خەڵکی و چالاکییەکان لە کلێسا نێوخۆییەکان دەکات.

**3** ڕوحی پیرۆز جێبەجێکاری نێردە مەسیحییەکانە لە جیهاندا.

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** ئەو کردارانە چییە کە ڕوحی پیرۆز ئەنجامی دەدات دەربارەی کاری نێردراوی؟

ئـ) ڕوحی پیرۆز باوەڕداران هەڵدەبژێرێ و بانگەهێشت دەکات بۆ ئەوەی ببنە نێردراو.

**بخوێنە:** (کردار13: 1-4) (کردار26: 13-18) (1کۆرنسۆس1: 1).

**تێبینییەکان:** ڕوحی پیرۆز تەنها خۆی دەتوانێت باوەڕدارای گونجاو بناسێت بۆ ئەنجامدانی هەندێك ئەرك کە پێویستە لە جیهاندا جێبەجێ بکرێن. بۆیە ئەو باوەڕداری دیاریکراو هەڵدەبژێرێت و بانگەهێشتیان دەکات بۆ ئەوەی بن بە نێردراو. بۆیە، پێویستە کلێساکان ئەو جۆرە کەسانە لە بەرپرسایەتی نێوخۆیی ئازاد بکات و بە نوێژ و بە پارە پشتیوانییان بکات ( ئەگەر بکرێت ).

ب) ڕوحی پیرۆز ئەرکێکی تایبەت دەبەخشێتە هەر باوەڕدارێك.

**بخوێنە:** (1کۆرنسۆس12: 4-6، 11) (مەرقۆس13: 34) (1کۆرنسۆس3: 5-9).

**تێبینییەکان:** ڕوحی پیرۆز تەنها خۆی دەزانێت کامە ئەرك گونجاوە بۆ هەر باوەڕدارێك. بۆیە، بەهرەی ڕوحی دەبەخشێتە هەر باوەڕدارێك بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە ئەنجامدانی ئەرکەکەی.

پ) ڕوحی پیرۆز دەرگا دەکاتەوە و دەرگای دیکەیش دادەخات.

**بخوێنە:** (کردار16: 6-10) (کۆلۆسی4: 3) (بینین3: 7-8).

**تێبینییەکان:** ڕوحی پیرۆز تەنها خۆی شوێنە ستراتیژییەکان دەزانێت لە ئێستادا، کەسە گونجاوەکانیش دەناسێت بۆ ئەنجامدانی هەندێك ئەرك. هەر خۆی دەرگای دەرفەتەکان دەکاتەوە و دادەخات لەبەردەم خزمەتکارانی. عیسای مەسیح ئەم کارە ئەنجام دەدات لە ڕێگای ڕێنمایی کردنی دڵی خزمەتکارانی لە ڕێگای ڕوحی پیرۆز و لە ڕێگای ڕێکخستنی بارودۆخی گونجاو بۆیان. لە لایەکی دیکەوە ڕوحی پیرۆز ڕابەرایەتی خزمەتکاران دەکات بۆ گەیاندنی مژدە بۆ هەندێك کەسی گرنگ وەکو وەزیری حەبەشی (کردار8: 29-35) لەگەڵ سەرکردەی سەدی ڕۆمانی (کردار10: 19-29). هەروەها ڕوحی پیرۆز تایبەتمەندی دەدات بە خزمەتکار تاکو توانای بینینی پلانە دڕندەکانی ڕوحە دڕندەکانی هەبێت و تاکو توانای کارکردنی بەدەسەڵاتەوە هەبێت (کردار13: 9-11).

ت) ڕوحی پیرۆز هانی خزمەتکاران دەدات.

**بخوێنە:** (کردار13: 49-52).

**تێبینییەکان:** ڕوحی پیرۆز هانی باوەڕدارە نوێکان دەدات و خۆشییان دەداتێ تەنانەت لە کاتی چەوسانەوەیشدا.

## نزا

بە نۆرە وەکو گروپ نوێژ بەرز بکەنەوە بۆ خودا، وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە. یان گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی یان سیانی و نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە بۆ خودا وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە.

## ئەرکی ماڵی

## بۆ وانەی داهاتوو

ڕابەری گروپ: ئەم ئەرکەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەکەت، یان داوایان لێبکە لە پەڕاوەکانیان بینووسنەوە.

**بەڵێن:** بەڵێن بدە قوتابێتی بە کەسانێتر بکەیت. فێرکردن پێشکەش بکە دەربارەی (خودی ڕوحی پیرۆز و کارەکانی).

**خەڵوەتی ڕوحی:** بەردەوام بە لەسەر خەڵوەتی ڕوحی بە خوێندنەوەی نیو بەش ڕۆژانە لە (ڕۆما5-8). شێوازی ڕاستی پەسەندکراو بەکار بهێنە. تێبینیەکانت بنووسە.

**وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز:** تکایە وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵ (ئەفەسۆس6: 1-4). جیاوازی خێزانی مەسیحی چییە؟ پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە. تێبینیەکانت بنووسە.

نوێژ: بۆ کەسێکی دیاریکراو یان بۆ شتێکی دیاریکراو نوێژ بەرز بکەرەوە و بزانە خودا چی دەکات (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە.** تێبینییەکانت سەبارەت بە (خەڵوەتی ڕوحی، دەرخکردن، وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز) لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە. هەروەها ئەم ئەرکە ماڵییە.